www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-11-2005 21:44

# چەند تێزێک دەربارەی کۆمۆنیستی کرێکاری. . . ستیڤان شەمزینانی

بەشی چوارەم
کلتوری رەخنەو دۆگماتیزمی کۆمۆنیستی کرێکاریی دەست بەوە مەکە ببیت بەرەخنەگر، تەنیا ئەوکاتە نەبی رەخنە لەخۆت بگری.

ئەدۆنیس



سەرەتا لەوتەیەکی (حەمیدی تەقوایی) یەوە دەست پێدەکەم، ئەویش ئەوەیە دەڵی (یان دەبی رەخنەگری ریشەیی و بنەمایی سیستمی سەرمایەداریی بیت یان دەبی سەرمایەداریی بەهەموو وەحشییەت و ستەمێکییەوە قبوڵ بکەیت) .
ئەمەی سەرەوە قسەی یەکێك لە گرنگترین کەسایەتییەکانی بزافی کۆمۆنیستی کرێکارییە لەدوای (مەنسور حیکمەت) ەوە، بە یەکێکیش لە کۆمەڵە سەرەکییەکانی ئەو تەیارە هەژمار دەکرێت.
لێرەدا ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە، لەم وتەیەدا ئەوە نیشان دەدرێت کۆمۆنیزم هێزێکی رەخنەگرانەی شۆرشگێرو رادیکاڵە و دەیەوی کۆتایی بەنابەرابەریی و ستەمکێشی چینە باڵادەستەکان بهێنی. دروست وایە، کۆمۆنیزم ئەرکی رەخنەگرتن و نیشاندانی دیوی راستەقینەی سیستەمی سەرمایەدارییە، تەنانەت لای فەیلەسووفی کۆچکردووی فەرەنسی (ژاك دریدا) رۆڵی مارکسیزم هەمان رۆڵی پادشای کوژراوە لەشانۆگەری (هاملێت) ی شکسپیر.
هەروەك چۆن پادشای کوژراو لە شێوەی شەبەحێکدا دەردەکەوی و ئیدانەی گەندەڵی ناو کۆشکی پادشایەتی و کۆمەڵی ئینگلیستان دەکات ئاوهاش مارکسیزم ئەو تارماییە بەردەوامەیە و هەردەم ئامادەیە و حزوری هەیە بۆ مەحکومکردن و رەخنەگرتن لەدنیای نابەرابەری هاوچەرخ.
ژاك دریدا – بەدرێژایی کتێبە بەناوبانگەکەی (رگیاف مارکس – شەبەنگەکانی مارکس) باس لەم حاڵەتە دەکات و خوێنە خۆی دەتوانی بچێتەوە سەری.
مادام یەکێك لە بنچینە هەرە گرنگەکانی کۆمۆنیزم رەخنەگرتنە و کۆمۆنیستی کرێکاریش وەك هێزێکی نارازی و رەخنەگر خۆی نیشان دەدات، وا پێویستە پێش هەر شتێکدا کلتوری رەخنەگرتن لەماڵی کۆمۆنیزم خۆیەوە دەست پێبکات.
بەڵام رەخنەگرتن لەناو کۆمۆنیستی کرێکارییدا بە یەکێك لە تابووە هەرە گەورەکان دادەنرێت و بایی ئەوە بوو لێپرسینەوەی جدی لە بەرامبەردا بکرێت، سەرانی کۆمۆنیستی کرێکاریی پێیان وابوو ئەوان بەتایبەتی (مەنسور حیکمەت) تەواوی چەمك و بنەماکانی مارکسیزمی هاوچەرخیان شیکردۆتەوە و هاوکات بەوردی لەواقیعی کۆمەڵ تێگەیشتوون، بۆیە هەمیشە هەر بەوجۆرە رەخنەیەکیان بەخاڵی سلبی و تەنانەت تێکدەرانەو چەواشەکارانە دەبینی.

(مەنسور حیکمەت) کرابوو بە زەبەلاحێکی سەیرو سەمەرە، لەبەرچاوی ئەندامانی حیزبدا کرابوو بە خواوەند، پیرۆزکرابوو، ڕەخنەگرتنیش لە پیرۆز بێگومان کارێکی مەحاڵ و ئەستەمە و کوفرێکی گەورە و ویژدانییە.
(سەدام حسین) ی دیکتاتۆر جاران دەیوت (هەرشتی سەدام وتی، هەموو عێراق وتویەتی) سەدام لەبری هەموو عێراقییەکان بیری دەکردەوەو بڕیاری دەدا، بەهەمان شێوەی سەدام (مەنسور حیکمەت) لەبری هەمووان تێدەفکراو تێڕامانی دەکرد و هەر لەبری هەمووان دەینووسی و و دەدواو بڕیاری دەدا، ئیتر هیچ پێویست نەبوو منی ئەندام بیربکەمەوە و مافی بەشداریم هەبی لەگەڵاڵە کردن و فۆرمۆلەکردنی هەرباس و بنەمایەکی سیاسی و پارتێتی.
مادام (مەنسور حیکمەت) ئەو عیملاقە سەرسوڕهێنەرو گەورەیە بوو، توانای تێڕامان و بیرکردنەوەی لە هەموومان زیاتر بوو، هەر ئەویش بەدارو بەردیدا دەدابن، ئیتر هەر ڕەخنەیەك لە کۆمۆنیستی کرێکاریی کە بەرهەمی کارگەی حیکمەت بوو، تابوویەکی گەورەبوو.
لەهەمان کاتدا بەبی ڕێزییەکی گەورە بەرامبەر بەو کاریزمایە دادەنرا، هەرچی وەك ئاغای حکیمەت بیری بکردایەتەوە پیاوی گەورەو ڕابەری مەزنی چینایەتی بوو، ئەگەرنا هەموو پێچەوانەکان گرگن و پیاوی بچوك بوون.
وای لێهاتبوو لە پارتی کۆمۆنیستی کرێکارییدا ستالینییەتێکی ترسناك سەریدەرهێنابوو، هەرچی پیاوی گرگن بوو بەناوی ڕابەرەو تەسریحیات و بڕیاری ڕەت نەکراوەی دەدا، هەموو ئەمانەش ئیلهامیان لە کانیاوی ڕۆشنی بیری حیکمەتیزم و خودی حیکمەتەوە وەرگرتبوو.
خۆ ئەگەر کەسێك بیوتبایە با سەیرێکی نوسراوەکانی بیرمەندانی تری هاوچەرخی مارکسی وەك (لۆی ئاڵتۆسێر – فریدریك جیمسن – سەمیر ئەمین – هتد. . ) بکەین بی هیچ سڵەمینەوە و ڕامانی بەوردە بۆرژوازیی و مەکتەبی لە قەڵەمدەدرا، چونکە وابیر لە کۆمۆنیستی کرێکاریی دەکرایەوە کۆمۆنیزمی خەباتگێڕ و پراکتیکییە.
ئەگەریش ئەندامێك ئارەزووی بکردایە ژیریی بەکاربهێنی و هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەزموونی چەند ساڵەی کۆشانی حیزب بکات و ڕەخنەی لەکارەکان و کەموکورتی و هێڵە لاوازەکان هەبوایە، تەنانەت دەبوە هۆی دەرکردنی لە ڕیزەکانی حیزبدا، دەبوو ئەندامانی حیزب پەرۆیەکی ڕەش لەسەر چاویان دابنێن و بکەونە چەپڵەڕێزان و شایی و لۆغان بۆ مێژووی هیچ تیانەبووی حیزب.
ڕەخنەگرتن ترسناکترین و زەحمەتترین کارێك بوو لە حیزبی کۆمۆنیستدا، ئێستا بە بیرم دێتەوە یەکێك لە چەکدارەکانی حیزب کتێبی (ئەم بڵقە کەی دەتەقی) ؟ لە نووسینی هێژا کاك (عەبدوڵڵای موهتەدی) دەخوێندەوە و دوای دووسی ڕۆژان کەوتە پرتەو بۆڵەو ڕەخنەگرتن لەبنەما سەرەکییەکانی فیکری حیزب، پاش ئەوە بەچەند ڕۆژێکی کەم کەسێکی تر هەمان کتێبی دەخوێندەوە. یەکێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (حککع) بەدەستی خۆی کتێبەکەی لەدەست سەندو پاشتر سووتاندی.
ئیتر ترسان لە ڕەخنەو لە دروست بوونی ئەندامی هۆشیار و ڕەخنەگر بەجۆرێك بوو، ئەندامێکی بیرۆی سیاسی دەست بۆ سوتاندنی کتێب بەری، ئەز لەگەڵ ئەوەدا وتەیەکی (هاینریش هاینە) ی شاعیری ئەڵمانیم بەبیر هاتەوە (ئەوەی کتێب بسووتێنی، مرۆڤیش دەسووتێنی) ، هەر ئەوکات دەمزانی ئەم هاوڕی ڕابەرەی ئەمرۆ کتێبەکەی موهتەدی دەسوتێنی، سبەی ئەگەر دەسەڵاتی بەدەستەوە بی مرۆڤیش لەکورەدا دەسووتێنی، لەجێگەی یەك (پاستیرناك) هەزاران پاسترناك ئاوارەی مەنفا دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆم دەركەوت بنەماو پایەی سیاسی و فیكری كۆمۆنیستی كرێكاریی چەندە مۆڵەق و ناجێگیرە، ئاخر حیزبێك بەو هەموو قسە زل و ڕەخنە گەورانەوە لە كتێبی بترسی تەنیا ئەوە دەسەلمێنی بنەمای ئەو حیزبە كەڵەكەترێیە و ڕۆژێك دادی بەسەریدا بڕوخی (هەروەك رووخاش) .

ئۆگەست كۆنت – دەڵی (بیروباوەڕەكان بەهێرش كردنە سەریان نامرن، بەڵكو ئەو كاتە دەمرن، بسەلمێنری بی كەڵك و پێویست نین) .

كۆمۆنیستی كرێكاریی دەیزانی نەك بەیەك كتێب بە هەزاران كتێبی هێرش ئامێز هیچ بیروباوەڕێك نامری، خۆیشی ئەزموونی لەوبارەوە هەبوو، ڕۆژو شەو ڕەخنە تەنانەت جنێوی ئاراستەی پارتەكانی كوردایەتی دەكرد كەچی ڕۆژ بەرۆژ بەهێزتر دەبوون، بەڵام كۆمۆنیستی كرێكاریی بەباشی دەیزانی هەر ڕەخنەو نووسین و پێشنیارێكی بەسوود هیچ دەرناخات جگە لە نا پێویستی و بی كەڵكی رەوتەكە.

كۆمۆنیستی كرێكاریی دەیزانی ئەگەر رەخنە لەخۆگرتن لە ڕیزەكانیدا ببێتە كلتور ئیدی هیچی نامێنێتەوە جگە لە مشتی خۆڵەمێشی ساردەوەبوو.

ئەدۆنیس – دەڵی (ڕەخنە هەمیشە سەرەتاكانی ئاخاوتنێكی دیكە دادەمەزرێنی) بۆیە هەمیشە كۆمۆنیستی كرێكاریی ڕێی لە ڕەخنەگرتن و دەنگ هەڵبڕین دەگرت چونكە لای ئاشكرابوو ڕەخنە هەر لەو چوارچێوە بەرتەسكەدا نامێنێتەوە و سەردەردەهێنی بۆ ئاخاوتنی زیاترو فراوانتر، بەم كارەش وجودی رەوتێكی لەو جۆرە دەگاتە كەناری فەوتان و ون بوون.

دیسان (ئەدۆنیس) دەڵی (ڕەخنە وەك فیكر وایە، تەنیا بە پرسیاركردنی بەردەوامەوە موتوربە دەبی و گەشەدەكات، لەبەرئەوە نەك تەنیا شتەكان و دەقەكان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵكو خۆیشی دەخاتە ژێر پرسیاری بەردەوام و پێداچوونەوەی بەردەوامەوە. . ڕەخنە دژو پێچەوانەوەی میتۆدی داخراوە، لەبەرئەوە دەستپێكردنێكە هەر بەو جۆرە دەمێنێتەوە) .

لێرەدا ئەدۆنیس – چاكی پێكاوە و زۆر باشیش تێگەیشتنی خۆی لەبارەی رەخنەوە داوە، چونكە رەخنە كاتێك دروست دەردەچی، ئەگەر ئەو ڕەخنەیە لەپێشدا تەنانەت خودی خۆیشی بخاتە ژێر پرسیار و گومان و بەخۆدا چوونەوەی بەردەوامەوە.

بەڵام بە پێچەوانەوە كۆمۆنیستی كرێكاریی دەرزییەكی لەچاوی خەڵكدا دەبینی بەڵام سوژنێكی لەچاو خۆیدا هەست پێنەدەكرد، هەمیشە ڕەخنەی زۆر ڕەق و وێرانكەری لەپارتە دەسەڵاتدارەكانی كوردستان دەگرت، بەڵام لەناو خۆشیدا ئەزموونی گەندەڵی و دزی و ئافرەتبازیی و بەرژەوەندیی شەخسی ئەوانی دووبارە دەكردەوە. ڕەخنەگرتنیش لە فیكری بنچینەیی حیزب تا دەگات بە گەندەڵی و هەندی شتی لەوجۆرە لە حیزبدا بەپێی فەرمانی سەرەوە (مەنسور حیكمەت) یاساغ و قەدەغەبوو، لە كۆمۆنیستی كرێكاریدا هیچ شتێك قەدەغەنەبوو تەنیا رەخنە نەبێت یان بابڵێین هیچ شتێك هێندەی ڕەخنە لەخۆگرتن سنووردار و قەدەغە نەبوو.

كاتی خۆیەتی ئاماژەش بەوە بدەین كارێكی كوێرانە نەبوو سەركردایەتی حیزب ڕێگایان بەسەر دەرهێنانی ڕەخنە نەدەدا و سەركوت و لەناویان دەبرد. چونكە ئەوان دركیان بەوە كردبوو هەر ئەندامێكی هۆشیارو ڕەخنەگر مەترسییەكە لە جێگەی خۆیەوە.

(ژان پۆل سارتەر) لە دەقی شانۆیی مێشەكاندا لەسەر زمانی (ژۆبیتەر) ی گەورە خواوەندەوە دەنووسی (من دەسەڵاتم بەسەر ئەو تاكەدا نامێنێت كە درك بەئازادیی خۆی دەكات) بەهەمان شێوەش سەرانی كۆمۆنیستی كرێكاریی دەسەڵاتیان نەبوو بەسەر

ئەندامێکی ڕەخنەگر و هۆشیار، بۆیە ناچار بەخێرایی لەدەوری حیزب و خۆیان دوور دەخستەوە و بگرە بڕی تۆمەتیشیان دەخستەپاڵی. لە ڕەهەندێکی ترەوە، سەرانی کۆمۆنیستی کرێکاریی پێیان وابوو ئەندامانی خوارەوە و تاڕادەیەکیش کادرە پێشکەوتووەکان هێندە داناو ژیر نین بتوانن ئاراستەی فیکری سیاسیو ڕێکخستنی حیزب بکەن. بۆیە هەمیشە خۆیان پی لایەقترین و گونجاوترین کەس بوو بۆ ئەو کارە، هەر کاتێکیش ڕەخنەیان لێبگیرایە چاویان دەچۆیە پشتی سەریان و پێیان وابوو گەورەترین هەڵەیە ئەندامانی خوارەوە ڕێنیشاندەری ئەوان بن.

کۆمۆنیستی کرێکاریی خوازیار بوو حیزبێك بەرهەم بهێنی خاوەنی ناوەندێتییەکی بەهێزو سەرجەم ئەندامان و کادران وەك یەك بیربکەنەوە و لەنێو چوارچێوەی فۆرمۆلەبەندی و تیۆرەکانی ئاغای حیکمەتدا بەردەوامی بەکارەکانی خۆیان بدەن، ئەوان دەیانوویست کۆنگرەی حیزب و پلینۆم و کۆبوونەوەکان هەریەك جۆر قسەی تیابکری و سەرجەم ئەندامانی حیزب تووتی ئاسا ڕستەو گوزارە ناتەواوەکانی جەنابی ئاغای حیکمەت بجوونەوە و وەك ئاوودۆ لەبەریان بێت.

ئەمە لەکاتێکدا (لینین) باسی یەکێك لە کۆنگرەکانی خۆیان دەکات و ئاماژە بەوە دەدات دەنگیان بەسەریەکدا بەرزکردۆتەوە و قسەو نوکتەیان لەسەریەکتر کردووە، ئەمە لەبەرئەوە نا ڕکیان لەیەکتر بووە بەڵکو لەبەرئەوەی جیاوازبوون و ڕەخنەو قسەی جیاوازیی خۆیانیان هەبووە.

ئەوەی (لینین) باسی دەکات کارێکی زۆر تەندروستە چونکە جیاوازیی بنەمایەکی بەهێزو گرنگی فیکر و سیاسەتە، ئێمە هەریەك بەوەوە جوانین و وەك یەکدی بیر لەدنیاو شتەکان ناکەینەوە، خۆ ئەگەر هەمووومان وەك یەك بیربکەینەوە بێگومان کەسمان بیرمان نەکردۆتەوە.

(مۆسۆلینی) ڕابەری فاشییەکانی ئیتالیا کاتی خۆی وتی (دەوڵەت لە ئاست خەڵکدا ڕەهایە، کۆمەڵیش لە ئاست دەوڵەتدا شتێکی وانییە حسابی بۆ بکرێت).

لای کۆمۆنیستی کرێکاریش (مەنسور حیکمەت) و سەرەوەی حیزب شتێکی ڕەهابوو، ئیتر ئەوانەی خوارەوە شایەنی حساب بۆ کردن و گوی بۆ ڕاگرتن نەبوون.

ئەگەر وانییە کوا وەڵامی ئەو هەموو نامەو ڕەخنانەی کادرانی حیزب دوای وەڕس بوونیان لە بێوەڵامی سەرکردایەتی حیزب لەعێراق ڕاستەوخۆ ناردیانە سەرمێزی ماڵەوەی جەنابی حیکمەت؟ کوا هەنگاونان بۆ چاکسازیی و هەنگاونان بۆ بەخۆدا چوونەوە؟ کوا حساب بۆ هەموو ئەو بۆچوونە ناتەباو جیاوازانەی لەپێناوی پتەو کردنی حیزبدا قسەیان کردو دەیکەن؟.

بیرمەندی ناوداری مارکسی (جۆرج لۆکاچ) لەوتاری (مارکسیزمی میتۆردیی چییە) ؟ دەنووسی: (مارکسیزم لەیەکەم نیگادا و لە هەمووی باڵاتر شێوازە. مارکسیزم بەمانای باوەڕکردن بەناوەڕۆك و گەوهەری تیۆری مارکسی یان هەڵهێنجانەکانی ئەونییە، مارکسیزم شێوازێکە هەم بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، هەم بە مەبەستی پیادەکردنی گۆڕان، مارکسیزم ڕەوشێکی دیالێکتیکییە).

لۆکاچ لەم پەرەگرافەدا بەڕەوانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە مارکسیزم لەخۆیدا شێوازێکە بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، دیارە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی، زانستیش هەروەك (کارل پۆپەر) دەڵی (بریتییە لە ڕەخنەو هەڵسەنگاندن).

ئا لەم چرکەساتەدا تێدەگەین چۆن بەپێچەوانەی دەربڕینەکەی (لۆکاچ) ەوە کۆمۆنیستی کرێکاریی باوەڕێکی کۆنکرێتی و کوێرانەیە بەمارکسیزم، ئەگەرنا نەروحێکی ڕەخنەییان هەیە، نە شێوازێکی شیتەڵکردن و توێژینەوە. ئەمەش ئەو گەوهەرە دووپات دەکاتەوە تا لەوە نەگەین مارکسیزم شێوازێکی توێژینەوەیە ناتوانین قبوڵی ڕەخنەبکەین (وەك کۆمۆنیستی کرێکاریی).

لەبری ڕەخنەگرتن لەخۆ و پێداچوونەوە بە ئەزموونی سیاسی ڕابردوو دا ڕەوتی کۆمۆنیستی کرێکاریی ملی بە ئاقارێکی ترسناکی تاکڕەهەندیی و تاك حیزبی و تاك سەرکردەییدا دەنا.

گۆرتەر – دەڵی (بۆڵشەفیکەکان، بانەکو، سپارتاکۆسە ئەڵمانەکان لەجیاتی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا، دیکتاتۆری پارتیان سەپاند، ستالین جێگەی دیکتاتۆری پارتی بەدیکتاتۆری بیرۆکراسی گرتەوە و بۆڵشەفیکەکان هەموو پارتییەکانی تریان لەناوبرد، ستالین-یش پارتی بۆڵشەفی خنکاند لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی تاقمی بۆناپارتیستییدا).

بەهەمان جۆر کۆمۆنیستی کرێکاریی هەموو بۆچوون و دیدگاکانی تری کۆکردبۆوە لە هەرەمێکداو لە لوتکەی هەڕەمیشدا مەنسوور حیکمەت دانیشتبوو، هەموو فراکسیۆن و دیدە جیاوازەکان لەبۆتەی حیکمەتیزمدا توێزانەوە و لەناوبران و خرانە دەرەوە.

حیکمەتیزمیش بۆیە ئایینێکی پیرۆز و مەنسور حیکمەت لەچاکترین حاڵەتدابووە پێغەمبەرێکی بیتاوان و فریشتەئاسا. ئیدی بەمجۆرە کۆمۆنیستی کرێکاریی وەرگەرا بەرەو بزوتنەوەیەکی ئاندیڤد ئالیزمی کە گرنگیدان بە تاکە کەس (مەنسوور حیکمەت) لەسەروو هەموو شتێکەوە بووە.

دواجار بەپێچەوانەی وتەکەی (کانت) ەوە (پێویستە هەموو شتێك بەڕەخنە بسپێرینەوە) کۆمۆنیستی کرێکاریی بە ئاقارێکی سکتاریستی و تاکە کەسی سەرلێشێواوانە ملی ناو ڕەخنەو پێشنیارە بەکەڵکەکان درانەوە بەچڕو چاوی خاوەنەکانیاندا و ئەسپی بوراقی تاکە کەس و سەرکردە بێئاگاکان بەرەو ترسناکترین و کوشندەترین مەرز و سنوور ملی ڕێگەی گرتەبەر.

(ماوەیەتی)